هەڵگۆرد
ژمارە (٢٧)
شەممە ٢٠٠٧/١١/١٧

# ڕۆشنایی

## پایز وەرزی خەزانی بەرهەمی شاعیرو دارستان لە باڵەکایەتی

■ ئیبرهیم نێوچیایی

نازانم چۆن هێزێك بەبێ ویستی من پایزی تێکەڵ بەرۆحم کردوە ، هەمیشە لە پایزدا ئەمەوێ بژیم هەست دەکەم لە پایزدا ڕەنگەکان جوانتر بەدی دەکەم، چاوەکان تیژتر دەبن بەرامبەر بەبینینی کەم و کوڕیەکان لە پایزدا خەمەکان زیاتر عاشقانە دەبن خەمەکانی تری ژیان لە پایزدا من وەك خۆم هیچ هەست پێناکەم لەو بڕوایەدام لە پایزدا ئەگەر مەرگیش بێتە میوانم هیچ سڵی لێناکەمەوە، بەردەوام لە پایزدا تەنیا بۆخۆم شت دەنوسم لەخەیاڵی خۆمدا لە شەوێکی درێژی پایزدا نیوەی شوشەی پەنجەرەکەشم دەکەمەوە هەست دەکەم بە کزە بایە ساردەکانی ڕۆحم نوێ دەکاتەوە، لە زەینی خۆمدا لێکدانەوەی جوانم پێدەبێت یاخود بیردەکەمەوە بۆ ئەوەی ئیمساڵ ئەگەر شتێك لە کەم و کوڕی پێشوازی کردنم لە پایزدا هەبێت بۆ ساڵی داهاتوو کەمی بکەمەوە، من هەست دەکەم پایزیش هۆگری من بووە ئەی ئەوەنی یە لە پایزدا من هاتم لە پایزیشدا دوبارە نوێ بومەوە، هەر لە پایزیشدا هەستم کردەوە کە من هەم ؟! لەگەڵ وەرینی خەزڵ وەر ڕۆیشتن بۆ سەرماوەز وا هەست دەکەم ژیان تەنیا لەم وەرزەدا جوانە جوانیەکانی ئەم وەرزە بەقەد جوانی هەموو شتێکە بۆیە پایز تێکەڵ بەرۆحم بووە، زۆر جاریش ئەو گلەییە لە خۆم دەکەم کە بۆ لە پایزدا کەنارەکانی ڕووبار چۆڵ دەکرێن و ئێمەی نوسەرانی خۆشەویستی پایز ناچین لەبەردەم هەناسەکانی گەڵاوەریوەکان تۆزێك ئارامی بەدڵمان ببەخشین؟ ڕەنگە ئەم پرسیارە بێ وەڵام بێت چونکە مرۆڤ کاتێك بەتەنیا بێت کەسێك بەدوای نەبێت شتێك یاخود بیرکردنەوەکانی برەو پێبدات لە تەنیاییدا ناتوانێت دەوروبەرەکەی هێندەی خۆی ئارام بکات بەمانایەکی تر لەم شارەی خۆمان هیچ وەرزێك وجودی نی یە ئەگەر سیاسیەکان ئارەزویان لێنەبێت، ئەرکی ئەو ڕێکخراو گەلانە چین کە لە پەنای حزبە سیاسیەکانیان چەندین مێز و کورسی بەناو ڕاپەراندنی کاروچالاکیان پێسپێرداروە کە نەتوانن بیر لەوەرزی پایز بکەنەوە بێن لەپایزدا چەندین گەنج کۆبکەنەوە پەیامێکی پر لە خۆشەویستیان فێر بکەن، ئەرکی ئەوان نی یە لە پایزدا شاعیرەکانی ئەم سنورە لەسەر خوانێکی قەسیدە خوێندنەوە ئامادە بکەن و جوانترین قەسیدە بکەنەوە بەرهەمی پایزێکی نەوەریوو، کە ئەمانە نابیندرێن لە جیاتی خۆشەویستی خەزانە خەزڵوەریوەکان ئەوان تەنیا مەبەستیان سەری مانگ و وەرگرتنی پارەو خەرجیاتی خۆیان بن ؟! چۆن نەڵێین دەمێکە لەم شارە شەیدایانی پایز لەهاویندا بەگەرمای تەمەڵی ئەوان خۆیان و بەرهەمەکانیان دەسوتێندرێن، بۆ تا دەسەڵات حەز نەکات هیچی وا لەم شارە نابینی کە مایەی خۆش بەختی ڕۆشنبیران بێت، ئەمە حاڵی پایزیەکانە لەم شارە، لەمەش کارەساتتر دۆستەکانی پایزیەکان لە ئیمساڵ دا لەم وەرزدا کەوتونەتە بەر ئازارێکی زۆر ناخۆش و لەناوبردن، هەموو مرۆڤێك کاتێك دارستانێکی چڕ دەبینێ بێ ویستی خۆی خۆشەویستێکی بەهێزی بۆ دارستان و خۆشەویستی دارستان دروست دەبێت، چونکە گیان لەبەرێکی زۆر لەم دارستانەدا بەدرێژایی ژیانیان هەمووئازارو خۆشیان لەم دارستانە بەسەر دەبن، ڕەنگ بێت تەنیا ئەوان و شاعیرەکان بزانن کە خۆشەوییستی پایزو دارستان چەندە تێکەڵن، هەر دارێکی بەڕوو کە ڕەمزی جوانی کورد بوون دەبەخشێت تەمەنێکی زۆری دەوێ کە وای لێبێت جوانیەکانی پەلکێش بن بۆ ڕۆحەکانی تر بەمانایەکی تر دارەکانیش دوای ئەوتەمەنە دەبن بە داڵدە و شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵ وباڵندەکانی دارستان، بەڵام لەم سەرەتای پایزەدا ڕۆژانە بەدرێژایی کات وشەوان لەژێر ڕەحمەتی مشاری دار بڕ چەندین داری سەروو تەمەن ٦٠ ساڵی دەکەونە سەر زەوی لەگەڵ گەڵاوەریوەکانیان بۆ هەتا هەتایە ماڵ ئاوایی لە یەکتر دەکەن، گەڵاکان وشك دەبن دارەکانیش بۆ زۆپاکانی شار دوکەڵ بە ئاسمان بڵاو دەکەنەوە ڕەنگ بێت ئەوانە نەیانەوێت هیچ باڵندەیەکیش بمێنێ پێیان بڵێن کۆچ بکەن ئێمە ئێوەمان ناوێت، لە ڕاستیدا کەسیش ناتوانێت ویژدان بگەڕێنێتەوە دڵی دار بڕەکان چونکە ئەوانیش دەیانەوێت لە پایزدا خۆیان ساز بکەن بۆ زستانێك کە ساردیەکەی زۆر سەختە بۆیە دەیانەوێت لەجیاتی نەوت دار ساز بکەن، من لەم پایزەدا وەك کەسێکی بەرگری کار لە پایزدا چەندین کەسم ئاگادار کردۆتەوە کە بڕینی دار بەمەبەستی سوتاندن تەخت کردنی دارەکان لەگەڵ زەوی ئەوە کارەساتە دوژمن کاریە لەگەڵ دارستان بەڵام هەرهەموویان تەنها وەڵامێکیان هەیە ئەویش داوای بڕە نەوتێکی کەم دەکەن ئەگەر مانگانە تەنیا ١٠٠ لیتر نەوتیان بۆ دابین بکرێت ئەوا هەمویان چەکی دوژمن کاری لەگەڵ پایز دادەنێن؟ لەڕاستیدا مرۆڤ سەری سوڕماوە تۆ ناتوانی خۆت لەهیچ بەرەیەك بۆ پارێزگاری کردن یان لە پایز یان دار بڕەکان بکەیت بەپێی هەموو ویژدانێك کەس ناتوانێت زستان بێ داگیرساندنی زۆپا، وەرزەکە بەرێ بکات، لەساڵێکیشدا تەنیا ٤٠٠ لیتر نەوت ئەویش ئەگەری زۆری تیایە ئەگەر بیدەن چۆن لەم ناوچە سنوریە ساردە دەتواندرێت بەرگەی ئەو ژیانە سەختە بگرین، ئەی حکومەت چی دەکات بیرکردنەوەکانی یاخود بەرنامەکانی بۆ تەنیا لەوەرزی پایزدا دادەڕێژێ کە هاووڵاتیان چەکی دەستیان دەست داوەتە دەست و قەتل عامی دارستانەکان دەکەن، چەندین ساڵە کەس کار بەو یاسایە ناکات کە بڵێن بڕینی داری تەر قەدەغەیە چونکە کاتێك دەسەڵات دەتوانێت قەدەغە کراوەکانی خۆی درێژە پێبدات ئەگەر بتوانێنت بەدیلی قەدەغەکانی بۆ گەلەکەی پر بکاتەوە ئێرانیش باشترین بەڵگەیە کاتێك دەسەڵات دارنی ئەو وولاتە دەبینن زۆرێك لە هاووڵاتیانی ئەم وولاتە گیرۆدەی خواردنەوەی بیرە بوینەوە زۆرێك لە داهاتی هاووڵاتیان دەرواتە وولاتەکانی تر ڕاستەوخۆ هەڵدەستێت بیرەی ڕێپێدراوی ئیسلامی بەرهەم دەهێنن هەرکاتێکیش حکومەتی خۆمان توانیان لەبری بڕینی داری تەڕ شتێکی تر بۆخەڵك دابین بکەن ئەوا دارستانەکان لەگەڵ پایزدا بۆ هەتا هەتایە ژیان لەگەڵ پایز بەڕێدەکەن بێ مەترسی بڕینیان ...

# داوایەکی یاسایی لەسەر مەڵبەندی چۆمانی ( ی ن ك ) تۆمار دەکرێت

لە چەند ڕۆژی ڕابردوو هاولاتی (نیاز ڕەسول) ی داوایەکی یاسایی لە دژی مەڵبەندی ٣٧ی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دادگای بەرایی چۆمان تۆمارکرد، (نیاز رەسول)پێی ڕاگەیاندین لەزستانی ڕابردوو سبوغم بۆ مەڵبەند کرد، بەڵام بەهۆی سەرماوە سبوغەکە لێ بۆوەو ڕەنگی گۆڕا، دوای ماوەیەك مامۆستا )حیکمەت وەڵاشی) لەدوای ناردم بۆئەوەی دووبارە سبوغی بکەمەوە، چووم بۆ هەولێر سبوغم هێنا چونکە لە سۆران سبوغی باش نەبوو، دووبارە بارەگای مەڵبەندم سبوغ کردەوە، دواتر دوای چەند جارێك داوامکرد پارەکەم بدەنێ، هەر نەیاندامێ تاکو ماوەی ٨ هەشت مانگ، من پێم وتن ئەگەر پارەم نەدەنێ سکاڵا تۆمار دەکەم، ئەوانیش پێیان وتم زەرەر دەکەیت، منیش سکاڵام تۆمارکرد و تاکو ئێستا چوار جار چومەتە دادگا و یەکجار مامۆستا حیکمەت وەڵاشی ئامادە بووە بۆ دادگا، بڕی پارەکەش(٤٦١٠٠٠)دینارە، لەم بارەیەوە مامۆستا حیکمەت وەڵاشی جێگری مەڵبەندی ڕێکخستنی چۆمان هەواڵەکەی پشتڕاست کردەوە و وتی"ئێمە وەکو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئامادەین لەبەردەم یاسادا چۆك دابنێین و یاسا سەروەری هەموو شتێکە لای ئێمە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە یەکێتی ڕێز لە یاسا دەگرێت، چوومە بەردەم دادوەر و پرسیارەکانم وەڵام دایەوە و وتم ئەم سکاڵایە پەیوەندی بە منەوە نییە وەك شەخس، بەڵکو من لێپرسراوێکم لە مەڵبەند ئەمە داوایەکە لەسەر مەڵبەند تۆمارکراوەئێمە هەموو پاەکەمان داوە بە چاودێری پڕۆژەکە کە ئامۆزای کرێکارەکەیە و ناوی (جەمال ئەحمەد)ە، من وتوومەئەو کەم کوڕیانەی لە کارەکەی دا هەیە دەبێت چاك بکات، وە هەر ڕۆژێك دادگا داوامان بکات ئامادە دەبین لەبەردەم دادوەردا، وە ٢٠ی مانگ نوێنەرێکمان دەچێت، دادگا هەر بڕیارێك بدات ئێمە پێی ڕازین و ڕێزی لێدەگرین، هیوادارم لەمەو دوا لە چۆمانیش سەروەری یاسا هەر دروشمێکی بریقەدار نەبێت، پێویستە هەموومان بە یەکسانی لەبەردەم یاسادا ئامادەبین.

# یاریگاو هۆڵێکی داخراوی وەرزشی دروست دەکرێن

■ باوکی هاوڕاوە

دوای ئەوەی وەرزشوان و گەنجانی شارۆچکەی قەسرێ داوایان پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو بەمەبەستی نەبوونی هیچ شوێنێکی شیاو بۆ وەرزشوانان و نەبوونی یاریگاو هۆڵی داخراو لەم شارۆچکەیە لە ٢٠٠٧/١١/١٥ سەفین کانەبی نوێنەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی دەڤەرەکەی کرد و کۆمەڵێك ئەندازیارو شارەزایانی بیناسازیش هاوڕێیەتیان دەکرد، دوای کۆبوونەوە لەگەڵ وەرزشوانان و گەنجانی قەسرێ ڕاسپاردەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی پێڕاگەیاندن و بەڵێنی ئەوەی پێدان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاریگایەکی گەورەی وەرزشی و هۆڵێکی داخراو بۆ وەرزشوانانی ئەم شارۆچکەیە جێ بەجێ دەکات، لەم بارەیەوە (سەفین کانەبی)بە هەڵگۆردی ڕاگەیاند" هاتنی وەفدەکەمان لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت بوو، بۆئەوەی لە نزیکەوە گوێ لە داخوازی و داواکانی وەرزشوانان و گەنجانی ئەم شارۆچکەیە بگرین و دیاری حکومەتی هەرێمیشمان بۆئەم شارۆچکەیە جێ بەجێ کردنی پڕۆژەی یاریگای وەرزشی و هۆڵێکی داخراوە بۆ وەرزشوانان "

دواتر وەفدەکە ئەوشوێنانەیان بەسەرکردەوە کە بۆ پڕۆژەی دروستکردنی یاریگاو هۆڵی داخراو دەست نیشان کرابوون.

# نوێنەری مام جەلال لە چۆمان دەست بەکار بوو

لە ٢٠٠٧/٩/٢٤ لەڕێوەڕەسمێکی شایستەدا بەئامادەبوونی چەندان بەرپرس و جەماوەرێکی زۆری(عەبدوڵڵا ئیبراهیم صۆفی)وەك نوێنەری مام جەلال لە مەڵبەندی ٣٧ی ڕێکخستنی چۆمان دەست بەکاربوو، هاوکات لەگەڵ دەست بەکاربوونی بەڕێزیان چەند ووتەیەك لەلایەن ئامادەبوانی پێشکەش کرا، تیایدا باس لە خەبات و تێکۆشانی ناوبراو بنەماڵەکەیان کرا، کە باوکی ئەندامێکی کارای کۆمەڵەی (ژێکاف)بووە، شایانی باسە (عبدالله حاجی برایم)لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی کردووە بە ڕێزەکانی (ی.ن.ك)ساڵی ١٩٨٣بووە بە کارگێڕی ناوچەی ٦ی بارزین، لە ١٩٨٥ فەرمانی دەستگیرکردنی لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆ دەرچووە، دواتر دووبارە پەیوەندی کردۆتەوە بە هێزی پێشمەرگەو لەوێشەوە نادردراوەتەوە ناوشار بۆ کاری ڕێکخستن، لە ١٩٩١/٢/٢٥ مەفرەزەیەکی پارتیزانی گواستۆتەوە بۆ دەست پێکردنی ڕاپەڕین، بەرپرسی شانەی چەکداری بووەو لە ئازادکردنی شاوێس و هەولێر تاکو کەرکوك بەشداربووە، لە ساڵی ١٩٩٢ ئەندامی گۆنگرەی گشتی (ی.ن.ك)بووە، هەرلەهەمان ساڵ جێگری ل.کۆمیتەبووە لە زاخۆ، ئاوارەودەربەدەربووە خۆیی و ماڵ و منداڵی، لە ٢٠٠١ ئەندامی کۆنگرەی گشتی بووە، هەر هەمان ساڵ لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخستنی چۆمان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ لێپرسراوی کۆمیتەی ڕواندزبووە، لە ٢٠٠٥ لێپرسراوی کۆمیتەی سمیلان بووە، لگەڵ چەندین کاری تر، وە لەبتەماڵەیەکی دیارو شۆڕشگێڕی باڵەکایەتین، سەرچاوەیەکی بەرپرس پێی ڕاگەیاندین دەستبەکار بونی نوێنەری مام جەلال بۆ زیاتر خزمەتکردنی باڵەکایەتی و گرنگی پێدانیەتی چونکە باڵەکایەتی باڵێکی سەرەکی (ی ن ك)ە، بەهەنگاوێکی باشی وەسف کرد.

# کارەبای چۆمان، نیو کاتژمێر کەم کرایەوە ( ٣٠٠٠ ) هەزار دیناریش گران دەبێت



■ مستەفا محەمەد_ چۆمان

کارەبای قەزای چۆمان کە لە ڕێگای چوار مۆلیدە، دابین کراوە، کاتژمێر (٥)ی ئێوارە تاکو (١١,٣٠) شەو دەدرێتەوە هاولاتیان .لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بە هۆی کەم کردنەوەی برەگاز لە فەرمانگەی کارەبای ناوبراو،لە لایەن بەرێوەبەراییەتی دابەشکردنی سوتەمەنی لە (٤٣,٠٠٠) لیتربۆ (٣١,٠٠٠) لیتر بۆ ماوەی یەك مانگ، ماوەی کاتژمێرەکانی کارەبا کەم کرایەوە، لە (٥) ئێوارە بۆ (١٠)ی شەو، دوای چارەسەرکردنی کەمی سوتەمەنی، خشتەی دابەشکردنی کارەبای چۆمان وەك خۆی لێ کرایەوە، بەڵام دوای یەك ڕۆژ نیو کاتژمێری تر دووبارە کەم کرایەوە، هەروها نرخی دوو ئەمپێر بڕی (٣٠٠٠) هەزار دینار لە سەر زیاد کرا، واتا نرخی دوو ئەمپێر لە (٧) هەزار بەرز کرایەوە بۆ (١٠) هەزار دینار، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، زۆرێك لە هاولاتیان نارەزای لەم زیاد کردنەی پارەی کارە با دەربڕن، بەکارێکی خراپیان وەسف کرد، دەیان کەسیش پارەی مانگی رابردوویا نەداوە، ئەمەش وەك پەرچەکرداری بریارەکە،وەك هاولاتیان باسی دەکەن نرخی کارەبای مۆلیدە ئەهلیەکان هەرزانترە لە حکومەت، مۆلیدە ئەهلیەکان لە یەك ڕۆژ حەوات سعات کارەبا(١٠)دەدەنەوە بە دەهەزار دینار، لەم باریەوە پەیوەندیمان کرد بە بەرێوەبەری فەرمانگەی ناوبراو (سەلیم حەمەد ئەمین) ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێك لەم باریەوە بدات، سەرچاویەکی ئاگادار لە فەرمانگەی کارەبای چۆمان کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە هەڵگۆردی راگەیاند کە داهاتی مانگانەی فەرمانگەکەیان کە لە هاولاتیان وەر دەگیرێت، لە بری پێدانی شەش کاتژمێر لە شەوانە دا(٢٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە..

# بەهۆی هەڵەکردنی ڕێگاوە ١٠ مانگ زیندانی کرا لەلایەن ئەمریکیەکانەوە

(نەبەز شرعبیل)کوڕە گەنجێکی قەزای چۆمانە، تاکسی هەیە لە ڕێگای نێوان چۆمان حاجی ئۆمەران کاریدەکرد، ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٩ لەگەڵ چەند ئێرانیەك بەرەو دهۆك دەڕوات، لەڕێگای موصل – زاخۆ بەهەڵە ڕێی دەکەوێتە موصل، لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دەستگیردەکرێت، دوای چەند هەولێك بۆ ئازادکردنی لەلایەن حزبە کوردیەکانەوە، بەڵام بێ ئەنجام بوو تاکو ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٠ ئازاد کراو گەیشتەوە چۆمان، لە پەیوەندیەکدا ناوبراو پێی ڕاگەیاندین" ئەوەی بەلای منەوە جێگای تێڕامان بوو ئەوەبوو کە ئێرانیەکان پێنج مانگ بەرلەمن ئازاد کران، هەرچەندە ئەمریکیەکان مامەڵەیان لەگەڵم باش بوو، بەڵام پاسەوانە عەرەبەکان لەگرتووخانەکە مامەڵەیان لەگەڵ کوردەکان زۆر خراپ بوو، بەپێچەوانەوە لەگەڵ تیرۆرستەکاندا زۆر باش بوون، هەروەها سوپاسی خەم خۆرانی کرد کە نیگەران بوون بەگیرانی بەتایبەت خەڵکی چۆمان.

# ئاگاداری و رونکردنەوە

داوای لێبوردن لە سەرجەم ئەو نوسەرە بەڕێزانە دەکەین کە بابەتیان بۆ ناردووین، بەڵام بەهۆی وەستانی ڕۆژنامەکەمان نەتوانراوە دابڕەزێنرێن، هەوڵ دەدەین بە پێی توانا لە ژمارەکانی داهاتوو دایان ببەزێنین، وە داوای لێبووردن لە هەردوو نوسەر(باوکی محەمەد لە بادیلیان و مامۆستا ئومێد لە سۆران) دەکەین کە پێشتر دوو بابەتیان بۆ ناردووین کە لە زاری کرمانجی بۆیان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ماوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە بەسەرچووە، نەمانتوانیوە بڵاویان بکەینەوە، ئەگەر لە کاتی خۆی ببوایە وەك ئازادی ڕۆژنامەگەری بۆمان بڵاو دەکردنەوە، بۆیە داوای لێبوردنیان لێ دەکەین و هیواداریین پەیوەندیمان پێوە بکەن! لێرەوەش دەمانەوێت داوای لێبوردن لە خوێنەرانمان بکەین کە ماوەیەکە نەمان توانیوە ڕۆژنامەکەمان دەربکەین بەهۆی گرفتی دارایی بەڵام بەڵێن دەدەین بەپێی توانا لەمەودوا نەهێڵێن کە جارێکی تر ڕۆژنامەکەمان بوەستێتەوە تەنانەت ئەگەر کێشەی دارایشمان هەبێت بۆیە داواکارین لە سەرجەم دڵسۆزانمان بە بابەت و پێشنیار ورەخنە و هاوکاری بەردەوامی بەرۆژنامەکەمان بدەن لەگەڵ دوبارە داوای لێبوردن و ڕێزمان!.